**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ١٧٨٩ لە ٢٠٢٣/٤/٢٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١٧)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

**أ/ مەرجەکانی مۆڵەت پێدان**

١- سەنتەر و دامەزراوە و نوسینگە سەر پشک کرابێت لە وولاتی یەکەم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت.

٢- پشتڕاستکردنەوەی داواکاری بۆ کردنەوەی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کونسوڵخانە یان باڵوێزخانەی ئەو وولاتە .

٣- سەنتەر و دامەزراوە و نووسینگە دەبێت لە فەرمانگەی دادنووس بەڵێن بدات کەوا چالاکی بازرگانی ئەنجام نەدات، بەڵکوتەنها چالاکی ئاسانکاری بازرگانی بکات .

٤- پابەندبوونی نووسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ چاودێری و بەدواداچوونی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

**ب/ پێویستیەکانی مۆڵەت :**

١- کۆپی پاسپۆرتی ڕێگە پێدراو و ئەندامان و ناسنامەی نیشتەجێبوون .

٢- کۆپی گرێبەستی باڵەخانە یان ئۆفیس .

٣- کار و چالاکیەکانی پێشتر ئەگەر هەبێت .

**ماددەی (٢):**

مۆڵەتی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بە مۆڵەت ناژمێردرێت بۆ کۆمپانیا و ئەندامەکانی بەڵکو هەر کۆمپانیایەک بەپێی یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

**ماددەی (٣):**

**أ-نوێکردنەوەی مۆڵەت:**

١- پسووڵەی مۆڵەت پێدان( ١,٠٠٠,٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن دینار.

٢- مۆڵەت ساڵانە نوێ دەکرێتەوە بە پێدانی پسووڵەی(٥٠٠,٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دینار.

٣- لەکـاتی نـوێکردنەوەی مـۆڵەت پێویسـتە هەمـان بەڵگەنـامە کە لە مـاددەی یەکەم/ب ئامـاژەی پێکراوە پێشکەش بکرێتەوە.

**ب-هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت:**

لەم بارانەی خوارەوە مۆڵەت هەڵدەوەشێتەوە:

١- نویَ نەکردنەوەی مۆڵەت لە ماوەی (٣) مانگ لەکاتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە.

٢- کۆتایی هێنان (داخستنی) نوسینگە (ئۆفیس) لەسەر داواکاری خۆیان.

٣- پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**ماددەی (٤):**

**أ-** وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی هەڵدەسـتێت بە وەرگرتنـی بەڵگەنامەکـان و دواتـر ووردبینـی کردنـی سـەرجەمیان لەکـاتی ڕەزامەنـدی پێـدان فەرمـانەکە بـۆ گشـت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت.

**ب-** هەر سـەنتەر و ژووری بازرگـانی و دامەزراوەیەک کە لە لایەن وەزارەتـی بازرگـانی وپیشەسـازی مـۆڵەتی وەرگـرت و دەرکەوت کە پـێچەوانەی ئەو ڕێکـار و ڕێنمایـانە کـار دەکـات لە مـاوەیەکی دیـاریکراودا ئاگـادار دەکـرێتەوە و ڕێکـاری یاسـایی بەرامـبەر دەگیرێتەبەر .

**ماددەی (٥):**

**یەکەم**: ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم** : ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) جێبەجـێ دەکرێت.

**کمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**